# یەکێتی، واز لە سەرکوت ناهێنێ!!

عمری خطاط
omerxatat@yahoo.com

ئێوارەی دوێنێ 25.09.2005، " دەستەی داکۆکی لە داخوازییەکانی خەڵکی شاری سلێمانی" لەبەردەرکی سەرا مێزکتێبێکی دانا بەمەبەستی کۆکردنەوەی ئیمزای خەڵکی شار بۆ پشتیوانیکردن لە داخوازییەکانی خۆیان، هەروەها بۆ بانگەوازکردنی خەڵکی سلێمانی بۆ بەشداریکردنیان لە نارەزایەتی رۆژی چوارشەممەی داهاتوو کە بە نیازن ئەنجامی بدەن. پاش تەواوبوونی مێزکتێبەکە مەفرەزەیەک لە رۆبۆتەکانی ئاسایشی یەکێتی چاودێری "زمناکۆ عەزیز" یەکێک لە ئەندامانی دەستەکەو ئەندامی م.س حککع دەکەن و هەرلەوێدا دەستگیری دەکەن و زۆر بێ ئەدەبانە بە جنێوو قسەی سوک کە هەر لەشان و شەوکەتی ئەوان دەوەشێتەوە، راپێچی زیندانی دەکەن و لەوێش سەرکەوتی کوبە، بەڕێوەبەری ئەم باندە سەرکوتە لە سلێمانی، پێی رادەگەیێنێت کە ئەو حیزبەی ئێوە "مەحزورە" و دەستەکەشتان مۆڵەتی نییە!!
دواتر دەگەڕێمەوە سەر "مەحزور" بوونی حککع، بەڵام خۆ " دەستەی داکۆکی لە داخوازییەکانی خەڵکی شاری سلێمانی"، دەستەیەکی فەرمیەو خودی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لەکاتی دروست بونیان لەوێ بوون و تا ئێستاش چەندین سەردان وچالاکییان ئەنجامداوە، بە ئاشکراو رۆژی روناک کارەکانیان ئەنجام دەدەن، بۆ ئەمەیان چی!!؟ یان یەکێتی هەمیشەو بەردەوام، کە لەبەرامبەر نارەزایەتی خەڵکدا کە ناتوانێت وەڵامی سیاسی بداتەوە، عەسکەریانە رەفتار دەکا.
پاشان مۆڵەت بۆ چی؟ بۆ داواکردنی نان و ئاوو کارەبا؟ وەکو ئەوە وایە بەکەسێکی برسی بڵێیت، مەڵێ برسیمە و داوای نان مەکە یان پێش ئەوەی داوای نان بکەیت وەرە مۆڵەتم لێ وەربگرە، کە من رازی بوم نانت بدەمێ، ئەوا مۆڵەتت هەیە، ئەگەر نا دەتکوژم یان کەرامەتت دەشکێنم و زیندانیشت دەکەم، ئەبێت شوکریش بیت!! ئەمەی ئێوە لەمە دەچێ.. پاشان ئێوە ئەو هەموو پارەیەی کە هی خەڵکە دەدزن، مۆڵەتتان لە کێ وەرگرت؟! مۆڵەتتان لە خەڵک وەرگرت کاتێک لەنێوە زیاتری سەرکردایەتی و بنکردایەتیتان بوونە موخابەراتی بەعس و تا ئێستاش معزز، موکەرەم وکەسیشیان دادگایی نەکران، بە چ مۆڵەتێکی یاسایی " بەکر علی"، نوێنەری ئاوارەکانی گەرەکی حامیەتان گوللەباران کرد؟ چیتان پێ وتن، وتتان داوای شوێنێک مەکەن کە شیاوی ئینسان بێت؟.. بە چ قانون و مۆڵەتێک تەقەتان لە خەڵکی کەلار کرد؟ داواکاریەکانیان بەرهەق نەبوو، یان ئاژاوەگێڕ بوون؟!، مۆڵەتتان لە کێ وەرگرت کە تەقەتان لە خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی کرد، ئەوانیش ئاژاوەگێڕبوون، وانییە؟! ئایا مۆڵەتتان لە خەڵکی کوردستان وەرگرت کە شەڕی ناوخۆتان کرد؟ یان دیلەکانی یەکتریتان گوللەباران کرد و نەک تەنانەت سەرومالیان، ژنەکانیشیانتان زەوت کردن؟ تەنانەت داوای لێبوردنێکیشتان کرد؟ مۆڵەتتان لە کێ وەرگرت کە کوردستانتان بەزۆر لکاندەوە بە ناوەندەوە، تەنانەت پرسیشتان نەکرد! مۆڵەتتان لە کێ وەرگرت کە دەستورێکی رەشی ئیسلامی و تایەفەگەریتان لەگەڵ برا

ئیسلامیەکانتان لە شیعەو سونە نوسییەوە و بەزۆر دەتانەوێت فەرزی بکەن؟! لەڕاستیدا ئەوە ئێوەن کە لەبەرامبەر خەڵکدا قەرارتان گرتووەو هەربەم پێیەش ئێوە نەک هەر بێ مۆڵەتن، بەڵکو تاوانباریشن و زۆربەتان دەبێت دادگایی بکرێت!.
ئێوە هەمیشەو لەبەرامبەر خەڵک و نارەزایەتییەکانیان، وە بۆ بەرتەسک کردنەوەی زیاتری ئازادییەکان و سەرکوتکردنی بچوکترین دەنگ کە لە بەرامبەرتان بوەستێ قەوانە سواوی "بێ مۆڵەتی" دەکەنە ئەوبەربەستەی کە خەڵک وداخوازیەکانیانی پێ سەرکوت بکەن. ئێوە دەتانەوێت وەک کەڵەگا سواری کۆڵی خەڵک بن و نابێت کەس لەگوڵ کاڵتریشتان پێ بڵێ!!..
باشە ئێوە کە ئەوەندە شەهامەتتان هەیە بۆ بە ئاشکراو لەدەزگا رەسمییەکانەوە رای ناگەیەنن کە خۆپیشاندان، نارەزایەتی، مانگرتن.. کاری تێکدەرانەیەو "مەمنوعە"؟! بۆ خۆڵ دەکەنە چاوی خەڵک و دەزگا راگەیاندنەکانتان سێ ژەمە شیرەشیرێ دیموکراسی و پاراستنی مافی مرۆڤ وەک حەبی ڤالیۆم دەرخواردی ئەو خەڵکە دەدەن؟!!
ئاشکرایە کە مۆڵەت لە یاسایەکەوە سەرچاوە دەگرێ، پێم ناڵێن ئەو یاسایە چییە کە ئێوە حاکمیەتی پێ دەکەن، بۆ بڵاوی ناکەنەوە تا خەڵک فێری بێت و "رۆحی یاسا" لە خوێنیدا جمە بکات و ئەوەندە موشکیلاتتان بۆ دروست نەکات. ئەوە کە رێبوار عارفیتشان دەسگیر کرد، خودی ئاسایش نەیئەزانی کە بۆچی گیراوە، یان بە چ مادەیەکی قانوونی گیراوە، ناچار پاش ماندووبوونێکی زۆر برِیارێکی قانوونیتان پیشاندابوو کە هی ساڵی پەنجاو شەستەکان بو. ئەوە شەرم ناتانگرێت؟؟
هەر ئەم مەسەلەی بێ مۆڵەتییە دەمانباتەوە سەر " مەحزور" بوونی  حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق، کە تۆ مۆڵەتت نەبوو، ئیتر مەحزوریت، مەحزوریت لە نان، لە کارەبا، لە خۆشگوزەرانی، لە کۆبونەوە، لە پێکهێنانی رێکخراوەی پیشەیی و سیاسی، لە هەڵسوڕانی سیاسی بەتایبەت بۆ ئەو هێزانەی کە لەدەرەوەی خێزانی سیاسی تۆن... ئێوە تەنها لەبەرامبەر حککع دا ئەم قەوانە سواوەی بێ مۆڵەتی دەهێننە پێشەوە، ئەگەر ئێمەش وەک حیزبەکانی تر بەدڵی ئێوەمان بکردایەو بە موو لە خەت لامان نەدایە و رۆژانە خەریکی تەشریفات و ماستاوکردن و چەپڵەکوتان بووینایە، ئەوا مۆڵەتمان دەبوو، وانییە؟ ئەگەر وا بکەین ئەوا ئەبێت پشت بکەینە خەڵک و نارەزایەتیەکانیان و هەرکاتێک خەڵک نارەزایەتی کرد، بانگەوازیان بکەین کە بچنەماڵەوەو "ئاژاوەگێڕی" نەکەن!! ئەو کاتە برایەکی باش دەردەچین و وەک گوڵ لەگەڵتاندا بەشی دەکەین!! ئەگەر خۆشتان وتەنی گێرەکەتان لێ تێک بدەین و لەپێشەوەی نارەزایەتیەکانی خەڵکەوە بین ئەوا مۆڵەتمان نییەو مەحزوورین!
بەڵام ئێوە خۆشتان سوور دەزانن کە ئێمە هەمیشە لە رێگەی دووهەمەوە رۆشتوین، وەلەپاڵ بزووتنەوەی کرێکاریی، ژنان، منالان، لاوان، ەوە بوین، بۆیە ئێمە هەمیشە بێ مۆڵەتین و ئێوەش لەناچاریداو بۆئەوەی ئاسایشی نەتەوەیی نەکەوێتە مەترسیەوە و پشێوی روونەدات، دەستگیرمان دەکەن، یان لێمان دەکوژن و کوژراوەکانیشمان بەدزی کەسوکاریانەوە بەعسیانە لە گۆڕی "جماعی"دا و لە تاریکی نیوەشەودا دەنێژن، وەک رووداوەکەی 14.07.2000ی شاری سلێمانی!!.

جێگەی خۆیەتی هەرلێرەدا شکاتنامە ئابڕووبەرەکەی وەزارەتی ناوخۆتان بڵاوبکەمەوە کە لەدژی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق، لە رۆژی 5.3.2000 دەرتان کردبوو، بۆ ئەوەی جارێکی تر خەڵک ئاگاداربێتەوە کە بۆچی ئێمە لە روانگەی ئێوەوە مەحزوور بوین، ( تەماشای ئەم لینکە بکە http://www.bopeshawa.com/pdf/shkatiyaketnamaipuk.pdf ).
ئەگەر بەندەکانی ئەو شکایەتنامەیە بکەینە مەبنای لێکدانەوە، ئەوا بۆ ئێمە هەمان شتە، واتە چ ئەوساو چ ئێستاش، ئێمە هەمان ئەوکارانە دەکەین کە لە روانگەی ئێوەوە دەکەونە خانەی مەحزووربوونەوە. ئێمە چ وەک حیزب و چ وەک بزووتنەوەیەکی سیاسی چەپ و کۆمۆنیستی فەلسەفەی بوونمان هەمیشە نارەزایەتیەکانی کرێکاران و خەڵکی بەشمەینەت بووە، ئێمە نەک لەمە لانادەین بەڵکو پتەوتر دەیبەینە پێشەوە، بۆیە زیندانی کردن و کوشتنمان سودێکی کاتی هەیە بۆ ئێوە.
لە کۆتایدا، من پێم وایە ئێوە دوو رێگەتان لە پێشە، یان ئەوەتا رێز لە ئازادی سیاسی و ئیرادەی خەڵک بگرن بەتایبەت ئەو هێزولایەنانەی کە سەر بە خێزانی خۆتان نین، یان ئەبێت هەمیشە لولەی چەکەکانتان روو لە خەڵک و زیندانەکانیشتان پڕ بێت لە هەڵسوڕاوانی سیاسی. ئەمەشیان هەر ماوەیەک خەڵک تەحەمولی دەکات!!

26.09.2005